

هاوار تەیب

# کچێك لە وەهم

بەیانییەك لە ماڵ خۆتم بۆ بدزەوە
سەرێك بدە لە ماڵی هەور
سەرێك بدە لە ماڵی خەیاڵ و ئەندێشە
ئەی کچێك لە وەهم
تۆ ڕەگەزەکانی شەڕ و ئاشتی مەدە بەکۆڵ خۆتا
تۆ ڕەنگەکانی من و
دڵشکانەکانی خۆتم
بۆ بگۆڕەوە بە پرتەقاڵێك
بە میلۆدییەك و
بە پێخەفێك لە فرمێسکی یاران و
بە پێکێك لە شەڕابی خوێنی جەنگاوەرە دۆڕاوەکانی خەیاڵ
سووربە وەك خوێنی دایك.

من لە هەسارەی دەیەمی کۆمەڵەی خۆردا
چاوەڕوانی دەرکەوتنم
یەکەم جێژوانتم ڕازاندۆتەوە بە بۆنی ڤینۆس.

ئەی جوانتر لە وەهم
بەیانی بەچییەوە سەرقاڵی؟
لاپەڕە سپییەکان مەگۆڕەوە بە دوێنێیەکی ڕەش و
دڵی بەرد مەکە بەئاو و
دڵی ئاو مەکە بە ڕەقترین قسەی پیاوانی دۆڕاو.

تینوون بە خوێنی تۆ
من تینووم بە خەیاڵ و ئەندێشەت
لێرەوە من دەبمەوە
بە کوڕە غەمگینەکەی جاران و
لەگەڵ ئاوازە پڕ لە غەمگینییەکانی تۆ سەما دەکەم
پێخەفی ئارامی دەدڕم و
دەبمەوە بەسەرابیترین پیاوی ئەم کەونە!
دەبمەوە بەشێواوترین پیاوی ئەو خەیاڵە.
دەست لە هەموو شتێك بەردەدەم وەهم نەبێ
تۆ نەبێ.

کە برسیم بوو دەست بۆ تاڵێك قژی تۆ دەبەم
کە تینووت بوو
پێکێك لە نیگای دۆڕان نۆش بکە
ئەو دوو کۆترەی تۆ دەچنەوە باوەشی نیشتمانێك و
گۆرانییە حەزینەکان دەچرن و باوەشی ئەوان پڕ دەکەن
کە برسیت بوو
مەیەوە
من بە درێژایی شەو بەڕۆژوو دەبم و
یاری بە پەنجەکانی دەستم و
وەهمەکانی تۆ دەکەم.
کە تینووم بوو سەرێك دەدەم
لەو شەقامانەی کە دەمگەیەنن بە موسافیرێکی فیردەوسی.

ڕانیە
هاوار تەیب

لە ژمارە ٢٣ی مانگی ٦ی ٢٠٢٤ی گۆڤاری هەڵمەت لاپەرە ١٥، ساڵی یەکەم بڵاوبۆتەوە